لە ئێمە نییە: ئەو کەسەی باوەڕی هەبێت بە شومەیەتی لە شتێکدا یان داوا بکات بە پشکنینی شومەیەتی لە شتێکدا، وئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان داوا بکات فاڵی بۆ بگیرێتەوە

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە ئێمە نییە: ئەو کەسەی باوەڕی هەبێت بە شومەیەتی لە شتێکدا یان داوا بکات بە پشکنینی شومەیەتی لە شتێکدا، وئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان داوا بکات فاڵی بۆ بگیرێتەوە، وئەو کەسەی سیحر بکات یان داوا بکات سیحری بۆ بکرێت، وهەرکەسێک بچێتە لای کاهینێک وبڕوای پێبکات لەوەی کە دەیڵێت ئەوا کوفری کردووە بەوەی کە دابەزیوە بۆ سەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-».

[حەسەن - باش)] [(البزار) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک دەفەرموێت: (لەئێمە نییە)؛ ئەمە هەڕەشەیە لە کەسانێک لە ئومەتەکەی کە هەندێک کردەوە دەکەن، لەو کردەوانەش: یەکەم: (ئەو کەسەی باوەڕی هەبێت بە شومەیەتی لە شتێکدا یان داوا بکات بە پشکنینی شومەیەتی لە شتێکدا)، وبنچینەی وشەکە (الطيرة:شومەیەتی) : لە هەڵدانی باڵندەوە هاتووە پێش کردنی کارێک لە سەفەرکردن یان بازرگانی یان هتد، ئەگەر باڵندەکە بەلای ڕاستدا بڕوات بەهیوا دەبێت وکارەکەی دەکات، ئەگەر بەرەو لای چەپ بچێت ئەوا ڕەشبین دەبێت وکارەکە ناکات، ئەمە دروست نییە بەهیچ شێوەیەک ئینجا مرۆڤ خۆی بیکات یان داوا بکات یەکێکی تر ئەمەی بۆ بکات، ونەهی کردن لەم بابەتە هەموو شتێکی بیستراو وبینراو دەگرێتەوە لە باڵندەکان وئاژەڵەکان ونەخۆشەکان وژمارە وڕۆژەکان وهتد. دووەم: (وئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان داوا بکات فاڵی بۆ بگیرێتەوە) ؛ هەرکەسێک بانگەشەی زانینی غەیب بکات بەبەکارهێنانی ئەستێرەکان وشتی تر، یان بچێت بۆ لای کاهین وفاڵگرەوەکان -ئەوانەی بانگەشەی زانینی غەیب دەکەن-، ئەگەر باوەڕیان پێبکات لەوەی دەیڵێن لە زانینی غەیب، ئەوا کوفری کردووە بە ئەوەی دابەزیووە بۆ سەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-. سێیەم: (وئەو کەسەی سیحر بکات یان داوا بکات سیحری بۆ بکرێت)؛ ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خۆیان سیحر دەکەن، یان داوا لەکەسێکی تر دەکەن سیحریان بۆ بکات ؛ بۆ سوود یان زیانگەیاندن بە کەسێک، یان گرێ بەستێت وسیحری لەسەر بکات بەفووکردن وخوێندنی تەڵەسیم وشتە حەرامکراوەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5981